# بڕیارِ بەدەست خۆمانە..و.. با خۆمان نەخەینەناو بۆسەی دەستور

ئاودێر علی

دەڵێن ڕۆژێک شێر توشی نەخۆشیەکی کوشندە دەبێ، پاش ئەوەی دکتۆر گورگ لەسەری حازر دەبێ و پێی دەڵێ تۆ تەنها بەخواردنی مێشکی ئەسپ چاکدەبیتەوە ئەوەتەنها دەرمانی دەردی تۆیە،دوای تەکبیرو پیلان دانان بۆ بەدیلگرتنی ئەسپ، مام ڕێوی بەوکارەهەڵدەستێ بەفریای شێر دەکەوێت.کاتێک ڕێوی دەچێتەلای ئەسپ، پێی دەڵێ کەپاشای غابەمان (شێر)هیلاک و نەخۆشەو لەسەرەمەرگدایە پێوەستەهەمومان بچینەلای بۆ گەردن ئازایی ،بەڵام ئەسپ لەسەرەتاوەبەسانای تەسلیم نابێ و دەڵێ شێر باکی نیەولەسەرەمەرگیشدا ڕەحم بەکەس ناکا،بەڵام ڕێوی فێڵ باز و بەحیلەهەرچۆنێ بێ قەناعەتی پێدەکا بەوەی کەدەڵێت : دەبی دڵمان گەورەبێت ولەخۆبردوبین چونکەهەموو دەمرین، پاش ملدان وخۆشباوەڕی ڕێوی دەخاتەسەر پشتی بەڕێ دەکەون بەرەو دیوەخانی شێر ،پاش سڵاو کتوپڕ شێر لەژێر جێگەوەبەرز دەبێتەوەوپەلاماری ملی ئەسپ دەدا بەڵام خۆش بەختانە ئەسپ هەڵدێت وتیی دەقوچێنێ ، ئەم جارە لەدەست مردن ڕزگاری دەبێ،پاشان شێر کەف لەدەمی دەچۆڕێ و هاوار دەکا و دەنەرێنێ دەڵێ تازە دەسەکەمان کەشف بوو،چیبکەین تازەمن دەمرم نا شتی وانا بێ من نابێ بمرم !بەڵام ڕێوی ئەم جارەش کار ئاسانی بۆدەکا و بڕیار دەدا جارێکی تر بە فێڵێکی تر ئەسپ پەشیمانی گەرانەوەبکاتەوەبۆ لای،دەڵی گەورەم خەمت نەبێ هەر ئێستا دەیهێنمەوەخزمەتتان.بەڵێ پاش ئەوەی ئەم جارەبەفێڵێکی تر بەوەقەناعەت بەئەسپ دەکا ،کەمام شێر مەبەستی بووەماچت کاو گەردن ئازایت لێبکات تۆش ترسایت و نەدەبوایەڕات بکردایەبەکورتی ئەمجارە شئەسپ بەدەست و قاچ و بەگیلێتی خۆی ،خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ و دوبارەتێدەکەوێتەوە.ئەم جارەبێ سێ و دوو لەگیانی دەخەنودەیکوژن ، شێر لەخۆشیدا نازانێ چی بکا ،دەڵێ ڕێوێ گیان برۆ ئەسپ کەوڵ و کەلەپاچە کە،مێشکەکەی بۆمن بهێنەوەو ئەوی تر هەمووی بۆ خۆت کاتێ ڕێوی لەکەوڵکردن دەگەرێتەوە شێر دەڵێ کوا مێشکەکە ؟ ڕێوی بە پێکەنینەوە ڕو دەکاتەشێر و دەڵێ گەورەم ئەم ئەسپەمێشکی نەبوو،چۆن! دەڵی ئەگەر مێشکی هەبوایەجاری یەکەم ڕزگاری بوو، بۆ دووەم جار بەقاچی خۆی هاتەوە خزمەتت.بەو دەلیلەبێ مێشک بوو..

بەداوای لێبوردن ولەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ خەڵکی ئازادیخواز لەکوردستان،بۆ ئەوەی ئێمەش نەبینەقوربانی شێرو ڕێویەکانی ناو حکومەتی شوڤێنیستی قەومی ئیسلامی لەعێراق بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵنەخەڵەتێنەوەبەسیناریۆیەکی گاڵتەجارانەی تری وەک ئەوەی لەهەڵبژاردندا بەسەرماندا تێپەڕی کەبینیمان پەنجەمۆرەکانیان وەرگرتین بۆ دەسمایەی سیاسی و ئمتیازاتی حیزبی خۆیان،بۆ لکاندنەوەی کوردستان بەعێراق بۆ دوبارەبونەوەی هەمان تراژیدیای هەشتا سال لەمەو پێش کەیەک لەدوای یەک بەسەر خەڵکی کوردستان بەگشتی رویدا نابێ ئایندەوچارەنوسمان بدەینەدەست دوژمنانمان،ئەم دەستورەی کەبڕیارەچەن ڕۆژێکی تر دەنگی لەسەر بدرێت نابێت خەڵکی کوردستان بیهەڵوێست بمێننەوەولەبەرامبەریدا، نابێ خۆمان بە دەستی خۆمان گۆڕ بۆ خۆمان هەڵکەنین.سەرانی ئەحزابی میلیشیای کوردی بە درێژای مێژویان هەمیشە خەونو خواستەکانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانیان کردووەبەقوربانی مەرامەگلاوەکانیان کاتێ دوو ملیۆن ئیمزا بۆ سەربەخۆی کۆکرایەوە هاتن ئەو ئیمزایانەیان بەکار هێنا وەک فشار بۆ دەسکەوت و ئیمتیازی سیاسی خۆیان وەک باشترین خەڵات بەخشیانەجەعفەری و عەللاوی و سیستانیەکان و بەخەڵکییشیان وت دەنگی کورد ئیتر تەواو (لا محل لها من الاعراب).

ئەمان وەک چۆن لەهەڵبژاردنەکانی 1992 بەڵێنیان دا کەبەدروست بونی پەرلەمان هەموو خەون و ئاواتەکان

خەڵکی کوردستان دێتەدی بەڵام بە پێچەوانەوەلەوکاتەوەخەڵکی کوردستان سەدان جار پەشیمانیان خواست و سەدان جار توشی دەردەسەری و مەینەتی بونەوە سەدان ڕەحمەتیان نارد بۆ ڕووی ڕەشی کفن دز.ئەم جارەدەیانەوێت بەیەکجاری خەڵکی کورد بکەنەقوربانی بۆ چەند کورسی دەسەڵات وبۆ سەدان ملیار دۆلاری تر.

ئێستاش هەڕەشەکەی غازی یاوەر لەگوێماندا دەزرنگێتەوە کاتێ هۆشداری دا بەخەڵکی کوردستان کەباسی ڕیفراندۆم کفرەو جیابونەوەش تاوانە بەهەموو تواناش سەرکوتی دەکات،لەبەرئەوەکێشەی کورد بەگەڕانەوەبۆ ژێر دەسەڵاتی نەتەوەپەرستانی لەچەشنی عەلاوی وئسلامیەکانی وەک سیستانی و جەعفەریەکان چارەسەر ناکرێت،ئەم دەستورەبەراورد لەگەڵ دەستورەکۆنەپەرستی و ڕەجعیەکەی ڕژێمی بەعس گەندڵ تر وفاشیستیانەترە.بەشداری کردنی خەڵکی کورد لەدەنگدان بەم دەستورەبەمانای لەملکردنی تەوقی دیلی وئەسارەتە،بەمانای غەرق کردنی دواڕۆژی کوردستانە لەناو تەم ومژی شەڕی نەتەوەی وئاینی وعرقی و بەمانای دوبارەبونەوەی تراژیدیایەکانیچەند ساڵی رابوردوولەچەشنی هەڵەبجەوئەنفال.دەبێ لەو ڕۆژەدا کەتیایدا سیناریۆی دەنگدان بۆ دەستور سازدەکرێ بکەینەمەیدانی ڕق ونەفرەت بەدژی سیاسەتی چەواشەکارانەی دژ بەمافەکانی خەڵکی، کەتاڵەبانی و بارزانی پەیڕەوی لێدەکەن وبەزۆر دەیسەپێنن بەسەرماندا،دەبێت ئەم دەستورەگاڵتەئامێزە بکرێتەمەهزەلەی مێژوو توڕهەڵبدرێت .

دەبێ بوار بدرێت خەڵکی کوردستان لەڕاپرسیەکی گشتیو ئازادانەدا، بڕیاڕی خۆیان لەسەر چارەنوسی کوردستان یەکلاییبکەنەوە.ئەویش بەوەی دەمێننەوە لەگەڵ عێراقی عروبە یاخود ڕێگەی جیابونەوە هەڵدەبژێرن و دەنگ دەدەن بەسەربەخۆی .

ئەم فرسەتەنابێ لەدەست بدەین، پێویستە لەو ڕۆژەدا بەووتنی نا بۆ دەستور و بەڵێ بۆ خواستەڕەواکانی کوردستان، بەڵێ بۆ سەربەخۆی کوردستان بێینەمەیدان .